# چەند شیعرێکی وەرگێڕدراوی فارسی

و: کاوەی گوڵ کار



## ئاگاداری

شیعری: رەحمانی

دڵنیابن
گەر دەنووکی
مەل ببەستن
ئەو بە باڵ گۆرانی ئەچڕێ
پەروباڵی تێك بشکێنن
بە گۆرانی
بەرەو کاکەشان هەڵئەفرێ
پێتان ئەڵێم
-لێم ببوورن-
دەمی شاعیران مەدوورن.

## چرۆ

محەمەد زهری

چرۆ سپییەکانی دارسێو
تاکو دیتیان بەدەس (با)وە
قامچیی ئازار،
هێدی هێدی
رژانە خوار..
ئاخ!
چەن دڵناسکن پۆلی نازدار.

## دڵە خورپەکان

**شیعری: م. ئاتەشی**

١.لە کام دەشتی قاقڕی
تینو هاتووی
ئەی بای بەدفەڕ؟!
کە نە بۆنو بەڕامی گوڵێکت پێیەو
نە لوورەلووری درێژی
گورگێکی گەڕ!...
نە هێلانەی کاول کراوی کەڕەواڵەیە
لەگەڵتایەو
نە گەڵای دارە خورمایێ؟!
٢.بەم رۆخەدا، ئەفڕن.... ئەفڕن
ئەفڕن پۆل پۆل
گەلێ پەلەوەری نامۆ
هێندە نامۆن
ناوی هیچیان
بۆ جارێکیش
نایەنەوە بیری تیژی سەوزی گەزۆ.

## دیاری

**شیعری: فروغ فەڕوخزاد**

من
باسی شەوی ئەنگووستەچاو
تاریکایی رەشهەڵگەڕاو
باسی شەوی ئەنگووستەچاوت بۆ دەکەم
خۆشەویستم
ئەگەر هاتی بۆ ژوورەکەم
مەشخەڵێکو
دەلاقەیەکم بۆ بێنە
تا لەوێرا، ئەی گیانی گیان
تەماشاکەم جموجووڵی
کۆڵانی خواپێداوەکان!

## ئێواره

**شیعری: محەمەد عەلی سپانلو**

که ئێواران
چرای لەنتەر دائەگیرسا
بەهۆی تارمایی تیشکەوە
مێرووی باڵدار
دەوری نانیان ئەدا جار جار.
لەولاشەوە چایی کوڵاو
له کتریی زەرد
-روو له ساردبوون-
وەك (زەردەپەر)
*　*　*
تڵپەی چایی ئەپرژێنین
بەروخساری خۆرنشینا
تا هەتاو زووتر ئاوابێ.

